www.kurdistannet.org
13-9-02 23:44:33

# وەستانەوە بە ڕووی بیرێکی پووکاوەدا

بژار

ئەی خاوەنی بیری پووکاو
بەتاك و جووت
قسەی قەبە لە ناو دەمتا هەڵبزڕکاو
وورده هەوای قورسی خۆته
لەهەر شوێنێك
کۆڕ گەرم بوو، شەرم مەکە، بیوەرێنە
زوانی (بەکر مەرگەوەڕ)ە
کە نووساوە بە قوڕگتەوە، لەماڵانا
وەك خەنجەری (مەلای خەتێ)بیوەشێنە
هەر چەند سەرت بڵند نیە، بەڵام ئەگەر پێت بڵندە
بەم فیتنەیەی سازی ئەکەی تۆزێکی تر بینەوێنە
جیابوونەوە لەبەینایە
هەنگوینانە بەهەنگوینی ماڵت بلێ
فریا کەوە بە هەنگوینیی بیقەومێنە
چوون مێسودی (کۆن)تە درۆ
لای ئەوانەی هاو ڕازی تۆن
چۆنت دەوێ بەو شێوەیە، بەسەریانا بیقەبلێنە
* * *
ئەی خاوەنی بیری پووکاو
پێ لە عارو چاو لە پارەو
سەر لەسەلوێنك هەڵتروشکاو
بە کیرە کیڕ بە قیرە قیڕ، بە شیرە شیڕ
خۆت ڕامەدە، خۆت بامەدە، خۆت (کا)مەدە
کە مەیدانیش داگیر دەکەم
بەچنینی پرتەو بۆڵەو بە ماستاوی
سەهۆڵ گرتووت، لەبەردەمما خۆت لامەدە
یان ئەوەتە
بە ئاشکرا لە ڕووی شیعرا تێغ هەڵبڕە
یان ئەوەتە
بە ڕشتنی چڵکاوی سەر، دەرس دامەدە
* * *

www.kurdistannet.org
13-9-02 23:44:33

**ئەی خاوەنی بیری پووکاو**

**بەئاگری کینەی سنگت، ویژدان هەمووی داپلۆخاو**

**تۆ مێملّی بە ئازادی**

**ڕستەی جوانی چی ڕێك دەخەی**

**تۆ مێملّی بە یەکسانی**

**ووردە شەکری چی دادەکەی**

**تۆ مێملّی بە چەوساوە**

**لاف و گەزاف بۆ لێ دەدەی**

**تۆ بێ دڵی، دژ بە گوڵی، چقڵ چڵی، کرمی گڵ**

**لەسەر خوانی تۆمەت کردن لە گشت شوێنێك تۆ بەرکوڵ**

**هەر ویزەت دێ، هەر گیزەت دێ، ئەڵێی مێشی بن هەنگڵ**

**پێناسەکەت لێ وون بووە**

**بینوسەوە با پێت بڵێم : وەکو دوایین پیتی ناوت**

**یان کاڵەکی ڕۆچوو بەناو عومری خۆیدا، مێشك بڵی**

*** * ***

**١٠ی، ئەیلولی ٢٠٠٢**

www.kurdistannet.org